# ئەنفال و خۆفرۆشان



لەئەرشیفی ئالآی ئازادییەوە وەرگیراوە

**ڕێناس زەندی**

لەگەڵ دەستپێکردنی دادگاییکردنی سەدام و عەلی حەسەن مەجید(کیمیایی)و تۆمەتبارەکانی هاوڕێی لەسەر دۆسییەی بەدناوی ئەنفال و ماوەیەک پێشتریش دەنگۆی ئەوە هەبوو، کە گوایە ئەو فەوجەخەفیفە(جاش)انەی پێش راپەرین، بەر لێبوردنی بەرەی کوردستانی کەوتبوون و ئەوانەی تا رزگاری عێراق لە کەرکوک و موسل و بەغداو شارەکانی تر لەخزمەتی ئەو رژێمە بوون و بەر هیچ لێبوردنێك نەکەوتوون، لەهەوڵی ئەوەدان خۆیان دووبارە ناونووس بکەنەوە، هەروەها ئەنجومەنی وەزیرانی عێراق فۆرمێکی بڵاوکردۆتەوە بەناوی (کیانات منحلە- قەوارە هەڵوەشاوەکان)، بۆ هەموو ئەوانەی لەرابردوو پەیوەندییان بەرژێمەوە هەبووەو ئێستا دەتوانن پەیوەندییەکانیان دووبارە بکەنەوەو یا ئەوەتا قەرەبووی ئەو هەموو سالآنەی دابرانیان لەخزمەتی ئەو رژێمە بکرێتەوە، هەرلەوبارەیەوە لەرۆژی 2006/8/24دا، وتە بێژێك بەناوی سەرۆکی هەرێمی کوردستانەوە، رایگەیاند: ماوەیەکە دەنگۆی وا لەئارادایە کەکۆنە موستەشارەکان(سەرۆك جاشەکان) هەوڵی دووبارە خۆناونوسکردن دەدەن و فۆرمی (کیانات منحلە- قەوارە هەڵوەشاوەکان) پردەکەنەوە، وتەبێژەکە هۆشداری دەدات و دەڵێ بەهیچ شێوەیەك رێ بەنوێکردنەوەی جاشایەتیی لەکوردستان نادەین. هەروەك وتە بێژەکە بەردەوام دەبێ، ئەوانەی ئەو هەوڵە دەدەن بابزانن کەبەم کارە نارەوایەیان.... تاوانە پێشوەکانیشیان زیندوو دەکرێنەوەو بەتۆمەتی وێرانکردنی گوندو کوشتن و برین و ئەنفال و کیمیاباران، دەدرێنە دادگا.

لەگەڵ ئەم پێشهاتانەی سەرەوە، لێرەو لەوێ بەتایبەتی لەلایەن کەسوکاری ئەنفالکراوەکان و کۆمەڵێك لایەن لەهەوڵێکی چردان بۆ کۆکردنەوەی واژوو(توقیع) بۆ دادگایکردنی ئەو سەرۆك جاش و موستەشارانەی بەهەر شێوەیەك لەشێوەکان بەشدارییان لە ئەنفال کردنی کوردستاندا هەبووە.

لەدوای رزگاری نیشتمانی، هەر گەل و نەتەوەیەکی زۆر لێکراو و داگیرکراو هەر لەسەرەتاوە هەنگاوی ئەوە دەنرێ ئەو تاوانبارانەی هاوکارو لەخزمەتی دەوڵەتی داگیر کەر بوون بەرەو دادگا راپێچ بکرێن، بەتایبەتی ئەوانەی بەشێوەیەکی راستەوخۆ بەشدارییان لەکوشت و کوشتارو سەرکوتی گەلەکەیان کردووە.

گەلی کوردیش وەك زۆربەی گەلانی دنیا نەك بێبەش نەبووە لەو کەسە خائین و خۆفرۆشانە، بەڵکو هەروەکو بینیمان لەتەك هێزە سەرکوتکەرەکانی رژێمی بەعسی هەڵوەشاوەو هەموو رژێم و حکومەتە یەك لەدوای یەکەکانی عێراق و دەوڵەتانی تری داگیر کەری کوردستان، (جاش) وەك هێزێکی خۆفرۆش و کەوا سوری بەرلەشکری ئەو دەوڵەتانە بوون، هەروەك لەدانیشتنی دووەمی دادگا، سولتان هاشمی تاوانبار باسی لەبەشداری (250.000) دووسەدو پەنجا هەزار جاش، کە(500)فەوجی پێك دەهێنا کرد، لەو پرۆسەی بەدناوی ئەنفال، بۆیە ئەوانەی لەشالآوەکە رزگاریان بووە، وەك رۆژی روون لەبەرچاویانە کە ئەو جاش و موستەشارانە شانبەشانی سوپای داگیرکەری بەعس لەگەورەترین تاوانی نامرۆڤانەی دژ بەنەتەوەکەی خۆیان (ئەنفال) بەشداری کاریگەرو سەرەکیان هەبووە، بەڵکو لەگەلی شوێن بەهۆی شارەزاییان لەناوچەکە ئەوان بوون ئەشکەوت و ئەو شوێنانەیان ئاشکرا دەکرد کە رژێمی بەعس لەمێژووی خۆی نەیتوانیبوو پێیبگا.

ئەنفال بەرنامەی ستراتیژی بەعس بوو، بۆئەوەی نەتەوەی کورد لەو بەشەی کوردستان جینۆساید بکات و بەیەکجاری لەبۆتەی نەتەوەی سەردەستی عیراق بەهۆی بەعەرەبکردن و بەبەعسیکردن و خاك سوتاندن و کیمیابارنکردن و دواتریشیان لەپرۆسە بەدناوەکەی ئەنفالی بەعسییەکان، وەك گەل و نەتەوە بمانسرێتەوە، بۆیە ئەوەی ئێمە چاوەروان بووین و دلمان پێی خۆشبوو، دادگایی کردنی هەموو ئەوانەی بەهەر شێوەیەك لەشێوەکان بەشداریان لەو بەرنامە ستراتیژیەی لەناوبردنی بەکۆمەڵی خەڵکی کوردستان کردووە، بدرێنە دادگاو گیانی سەرجەم شەهیدان و ئەنفالکراو و کیمیابارنکراوەکان زیندو بکەنەوەو خۆشییەك بۆ کەسوکاریان بگێرنەوە نێو ماڵە سوتاوەکان و فێنکاییەك وەبەر دڵی دایك و باوك و براو خوشکی سەرجەم خانەوادەکانیان بدەنەوە.

شوێنە ئەنفالکراوەکانی کوردستان چاوەروانی ئەوەن قەرەبووی ئەو زیانانەیان بکرێتەوە، کورد چاوەروانی ئەوەیە حکومەتی عێراق داوای لێبوردن بکات لەپای ئەو هەموو دەردە سەری و ناخۆشیانەی لەماوەی (82)ساڵەی حکومەتە یەك لەدوای یەکەکانی بەئاگرو ئاسن بەرامبەری کراوە، نەك قەربوو دەستخۆشانە لەو جاشانە بکات کەبەهەر شێوەیەك لەشێوەکان دەستیان هەبووە لەسەرکوت و سەرجەم پروسەکانی لەناوبردنی کورد، کەئەمەیان ئەرکی لەپێشی حکومەتی هەرێمی کوردستانە کەخۆی بەخاوەنیان دەزانێت رێگە لەو خۆفرۆشانە بگرێت نەك وەك بەرزەکی بان بۆی دەرچن و قەربوو بکرێنەوەو خانەنشین بکرێن!.

# بزوتنەوەی پێشمەرگایەتی

**نوسەرو رۆژنامەنوس:**
**ئەحمەد حامد قادر**

بزوتنەوەی رزگاریخوازی گەلی کورد کە لەسەرەتاوە دەستی پێکرد، بزوتنەوەیەکی سیاسی ئاشتیانە بوو، زیاتر بە نوسین، بە چالاکی جەماوەری جۆراو جۆر خۆی ئەنواند لە رێگەی ئەو پارت و کۆمەڵەو گروپانەوە کە بەدەم خەبات کردنەوە دائەمەزران.

بەلآم رەفتارو مامەڵەی دەستەو چینە حوکمدارەکان لەو دەوڵەتانەدا کە کوردستانیان بەسەردا دابەش کرابوو، سیاسەتی سەرکوت کردن و نان برین و ئاوارە کردن و تا ئەگاتە وێرانکردنی ئاوەدانیەکان.. قەناعەتێکی تەواوی لەلای خەباتگێران دروست کرد کە ئەبێت شان بەشانی بزوتنەوە سیاسیە جەماوەریەکە، بزوتنەوەیەکی تریشی هەبێت بۆ رووبەروو بوونەوەی سیاسەتی کوشتن و وێرانکاری ئەو حکومەتانە.

بەم جۆرەواقیعی تێکۆشان لە پێناوی مافە دیموکراسییە نەتەوەییەکاندا. سەرەتاکانی ئەم بزوتنەوەیەی دامەزراند، پێش ئەوەی سەرکردایەتی سیاسی کورد بیربکاتەوە یان نەخشەو پلان دابنێ بۆ دامەزراندنی، تەنانەت ئەو ناوو نیشان و پۆلین کردنەی ئەو بزوتنەوە چەکدارییە. بەرەبەرە بەدەم پەرەسەندنیەوە هاتنە کایەوە (دەستەو پەل و لق و هێزو بەتالیۆن و کەرت و لەشکر)، هەروەها ناوی فەرماندەکانیشیان "سەردەستەو سەرپەل و سەرلق و ئامرهێزو ئامربە تالێون و... هتد".

لەراستیدا دامەزراندنی ئەم بزوتنەوە چەکدارە، هەرچەندە وەکو وتمان هەڵوێست و رەفتاری دوژمنانەی لایەنی بەرانبەر بووە هۆی پەیدابوونی، بەلآم نیشانەی بەرەو پێشەوە چوونی خەباتی خەڵکی کوردستان بوو.. تێکرا بزوتنەوەکەی بردە پلەو قۆناغێکی پێشکەوتووترەوە، شێوازێکی نوێی خەبات کردنی هێنایە مەیدانەوە.

واتای پێشمەرگەیش دەرهاویشتەی ئەم بزوتنەوە نوێیەیە، لەکۆتایی پەنجاکانی سەدەی بیستەمدا ناوی کەوتە ناو ناوانەوەو ئەگەر لەیادم نەچوبێت یەکەم جار د. قاسملۆ بەکاری هێناوە لەکتێبی (کوردستان و کورد)ەکەیدا.

پێشمەرگە ناوی خۆی وابەخۆیەوە، ئەو جەنگاوەرە لە خۆ بردوەیە کە لە پێشەوەیە بۆ مەرگ، بۆ مردن لە سەنگەری تێکۆشاندا.

ئەگەر بگەرێینەوە بۆ شۆرشەکانی شێخ مەحمودی حەفید ئەبینین چ لە ناوخۆیان و چ لە ناو خەڵکیشدا بە چەکدارەکان ئەوترا -چەتە- (فلانکەس چەتەی شێخ مەحمود)ە..

واتای=چەتە=یش لە ناو کورددا بەمانای یاخی بوو لەدەوڵەت دەنگی داوەتەوە، سەرەتا بەکەسانێك وتراوە کە لەسەر رو,داوێك حکومەت هەوڵی داوە دەستگیری بکات، ئەویش دەرباز بووەو خۆی چەکدار کردوە بۆ روبەروبونەوەی، ئەموولآتەی ئێمە گەلێك دەستەو تاقم وکەسانی لەوبابەتەی بەخۆوە دیوە بە تایبەتی لە کوردستانی عێراق و ئێران.وەك حومە تاڵی بانە، خولە پیزە، مجید شانشین، وسەی عەتاهەروەها پشدەریەکان و هەمەوەندو جوانرۆیەکان چەکداری لەم جۆرەیان هەبوەو جاروبار دەستەو تاقمیان لێ پێهاتووەو سەرکردەیان هەبووە. بەلآم لەبەر ئەوەی ئەو جموجۆلانەی تاکەکەسی، یان بۆ مەبەستێکی کاتی رۆژگار پەیدای کردووە، واتا لەبەر ئەوەی هێزێکی سیاسی نەبووە لە پێشیانەوە رێکی بخات وسەرپەرشتی بکات، کۆتاییان هاتووەو نەیان توانیوە تا سەر خۆیان رابگرن.

هەروەکوووتمان هێزی پێشمەرگە یان بزوتنەوەی پێشمەرگایەتی دەرئەنجامی بەرەو پێش چوونی خەباتی گەلی کورد بووەو تەواوکەری ئەوخەباتە سیاسی و جەماوەری یە بووەو رۆژگاری خەبات سەپاندویەتی. لەبەر ئەوە سەرکردایەتی سیاسی کورد، یان سەرکردایەتی شۆرشی کوردلەبەر ئەوەی بەحوکمی پێویست بایەخێکی تەواوی پێداوە بەرەو پێشەوەی ببات لە بوارەکانی ( رێکخستن، مەشق، چەك وجبەخانەوهەرچەندە لەسەرەتاوەئەو پێشمەرگانە بە چەك وجل وبەرگی خۆیانەوە دەست بەکاربوون تا ماوەیەکی درەنگ، بەلآم لەوە دوا بنکەی تایبەتی خۆیان هەبووەو پێداویستیەکانی خۆیان بۆ دابین کردوە، پۆلێن کراون بە گوێرەی تایبەتمەندی سەربازی جل وبەرگیان، چەکیان یەکخراوە، رێکخراون وەك هێزێکی شۆرش گێری گورجوگۆڵ...

دوای ئەوەی کە حکومەتە یەك لەدوایەکەکانی عێراق بە تایبەتی بەرەفتاری توندو تیژو درندانەیان بەرەفتاری توندو تیژو درندانەیان شارەکانی کوردستانیان کۆنترۆڵ کردو بزوتنەوە جەماوەریەکە ئەودەرفەتەی جارانی نەمابۆ چالاکی نواندن، هێزی پێشمەرگەلە هەر ناوچەو دەڤەرێك بوبێ جێگەی بزوتنەوە سیاسیەکەشیان گرتۆتەوە.واتە ئەرکی هوشیار کردنەوەو تێگەیاندن و تەیار کردنی جەماوەری ئەو ناوچانە کەوتۆتە ئەستۆی ئەوان. بە حوکمی ئەوەی کە هەمیشە لە ناویاندا ژیان وهەڵسوکەوتیان کردوەوە لەمبوارەشدا ئەم بزوتنەوەیە رۆڵێکی لەبەر چاوی گێراوە لەروی سیاسی وفکری و سەربازی یەوە.تالەم سالآنەی دوایدا پێشمەرگایەتی هەرخۆی هێزی سەرەکی شۆرشی کوردبوو. بەتایبەتی پاش ئەوەی رژێمی گۆرکراو کوردستانی کاول کردوەئاوەدانی نەماو لە شارەکانیشدا بەئاگرو ئاسن ومەرگ روبەروی جەماوەر ئەبوەوە..

هێزی پێشمەرگە مایەی ورەی جەماوەری کورد، سەرچاوەی هیواوباوەری شۆرشگێران بوو. ئەویشمان نابێ لەیاد بچێ کە ئەم بزوتنەوەیە سوپایەکی دەیان هەزار کەسی کارامەو جەنگاوەری خاوەن ئەزمونی پێگەیاند، سەدان سەرکردەی لێهاتووی قاڵبووی سەربازی پەروەردە دەکرد، دەیان ئەزمونی نوێی هاویشتە سەر خەرمانی نەبەردەکانی خەباتی پارتیزانی جیهان. ئەمرۆش بەرەو ئەوە ئەچێت کە بەرەسمی ببێتە پاسەوانی سەربەخۆی کوردستان.

**سوپاس و پێزانینمان پێشکەشی ئەم بەرێزانەی لای خوارەوە ئەکەین سەبارەت بە هاوکاریەکانیان بۆ ( دێرین )**

1.کەریم مەلا 75000 دینار
2.کاك کاردۆ 100000 دینار
3.مەلا محەمەد 75000 دینار
4.ئازاد چاوشین 75000 دینار
5.شێخ هیمداد 15000 دینار
6.فارس حسێن 15000 دینار
7.حاکم صابر 100000 دینار
8.سەید شۆرش 80000 دینار
9.فاتح مەلا قەرە 75000 دینار
10.کاکە سەعدۆ 40000 دینار

**تێبینی/ ئەو بەرێزانەی ئەیانەوێت هاوکاریی माددی دێرین بکەن، با هاوکارییەکانیان بگەیەننە بەشی راگەیاندنی کۆمەڵەکەمان**

# پێشمەرگەو پێشێلکردنی مافەکانی



پێشمەرگە هەر لەسەرەتای دروست بوونیەوە بۆتە سووتەمەنی ئازادییەکان و بەخوێنی ئەوان داری ئازادی ئاودراو سەوز بوو.

کەچی هەرکات و ساتێ باسێك دێتە پێش و باسی مافی پێشمەرگە دەکرێت زۆربەی لێپرسراوەکان گرژدەبن و بەبارێکی قورسی دەزانن و دەڵێن ئەم کارە مەحالە.. بۆ مەحاڵ نەبوو کە لەپاسەوانی و چێشت لێنان و بگرە زۆرجار کاری وایانکردووە کەخوێنی خۆیان خستۆتە ناو کاسەوە، بەلآم ئێستا ئەگەر بلێین با پێشمەرگە مووچەکەی هێندەو هێندە زیاد بێت، چەندین کەس دەڵێن ئەمە ناشێ و نایاساییە، بروانامەی نییە، تەمەنی زۆرە، یان منداڵە، ئەی بۆ کاتێك دەبوینە پێشمەرگە کەس داوای هیچی لێنەدەکردین و دوای ماوەیەکی کەم یان هەر ئەو رۆژە دەبوایە ئامادەبین بۆمەفرەزەکانی ناوشارو هەرچی کاری سەخت بوایە بمانکردایە. پێشمەرگە ئەو خۆبەختکەرە بوو کەبێ هیچ پاداشتێك ئامادەبوو خۆی ببەخشێت بەنیشتمانەکەی.

پێشمەرگە نەبوایە ئەم ئازادییەی ئێستا خەون دەبوو!.. کەوابوو پێشمەرگە ئەوەی بەسە کە ئامادەبوو چەندین ساڵ بێ چاوەروانکردنی هیچ پاداشتێك پێشمەرگە بێت. حەق وایە ئەو خەباتە پیرۆزەی لەجیاتی هەموو شتێك حساب بکرێت و ساڵێك پێشمەرگایەتی بەدوو ساڵ بۆ بنووسرێت نەك بەبەهانەی جۆراوجۆر وردە وردە خەریکی کەمکردنەوەی سەرورییەکانیان بن.

**محەمەد قامیشی**